## بەدرولسادات موفیدی
## بەرپرسی کاروباری سیاسی ڕۆژنامەی شەرق:



# کورد لە خەباتدا خۆڕاگر و لە ئاوەدانکردنەوەدا پێشڕەون

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ تا ئێستا سیستمی ئیسلامی لە ئێراندا حوکمڕانی دەکات، بەڵام هەر قۆناغێک و بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاوازە، زێڕینترین قۆناغی ژیانی گەلانی ئێران لە ماوەی دوای شۆڕشەوە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمی بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان فەزای کرانەوە لە ئێراندا دروست بوو هەرچەندە ئەو کرانەوەیەش ڕێژەیی و لە ژێر گوشاری موحافیزکارەکاندا بوو بەڵام ئەوە بوو بە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ و ئەمڕۆش پاش دووبارە هاتنەوە سەرکاری توندڕەوترین باڵی موحافیزکارەکان ئاخۆ دەکرێت یان دەتوانن بەر بەو کرانەوەیە بگرن؟

یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان پەرە بەو ڕەوتە دەدەن؟ ئاماژەکان لە سەرەتاوە ئەوە نیشان دەدەن کە زەحمەتە ئەو باڵە بتوانێت قبوڵی ئەو کرانەوەیە بکات.

وەک لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەکەی بەڕێز ئەحمەدی نەژاد دەرکەوت زۆربەی وەزیرەکانی کابینەکەی کەسانی توندڕەو و کۆنە بەرپرسانی نێو سوپای پاسداران یان لایەنگرانی سوپا بوون، بەڵام ئایا سەردەمی سەرکوتکردنی ئیرادەی گەلان بەسەر نەچوو؟ ئایا پاش ٢٥ ساڵ بەسەر ئەو دۆخەدا دەکرێت جارێکی تر ئێران بگەڕێتەوە دەورانی سەرەتای ئینقلاب؟ دەبێت چارەنووسی تەواوی کایەکانی ژیان بەگشتی و کاری ڕۆژنامەگەری چی بەسەر بێت؟

بۆ گفتوگۆ لەو تەوەرانە خاتوو «بەدرلسادات موفیدی» بەرپرسی لاپەڕەی سیاسەت لە ڕۆژنامەی «شەرق» و بەرپرسی ڕۆژنامەی «شەرق- ئەلکترۆنی»مان دواند.

**دیمانە/ نامق هەورامی**

*** سەرەتا با لە دەروازەی ڕۆژنامەگەرییەوە بچینە نێو باسەکە، بەم گۆڕانەی لە ئێراندا دروست بوو پێتان وایە کایەکانی ژیان بە گشتی و کاری ڕۆژنامەگەری بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟**

-دەمەوێت ئەوە بڵێم کاری ڕۆژنامەگەری پێش ئەم دەورانانە لە ئێراندا هەبووە بەڵام پاش ٢ /خردادی ١٣٧٦ و لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئاغای خاتەمی ئەم ڕەوتە زیاتر گەشەی سەند بەتایبەتی لە بواری چامەنییەوە و هەر ڕۆژ دەگوزەرا شتی تازەتر چاپ و بڵاو دەکرایەوە کە شتی تازەی بۆ گەلانی ئێران تێدا بوو هەروەها جۆرێک لە شەفافییەت هەبوو.

لە ساڵانی ١٣٦٩-١٣٧٠ کاتێک ڕۆژنامەی «سەلام» بڵاوکرایەوە لە ئێراندا هەنگاوی سەرەتای بیری ڕیفۆرمخوازی بوو و دەکرا بگوترێن زمانحاڵی ڕیفۆرمیستەکان بوو، «سەلام» ویستی شتی تازە و بیری تازە بداتە خەڵک لە کاتێکدا زۆربەی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان لە ئێراندا لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتدا بوون، ئەم بە پێچەوانەوە نەفەسێکی جیاواز و ڕەخنە ئامێزی هەبوو بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی گەلانی ئێران و ڕەخنەکانیشی دڵسۆزانە بوون بۆ ئێران نەک دژایەتیکردنی.

بە هاتنە سەرکاری بەڕێز خاتەمی ڕۆژنامەکانی هاوشێوەی «سەلام» برەویان پەیدا کرد و لە دایک بوون، هەرچەندە لەو دەورانەدا خاتەمی پارێزگاری لەو جۆرە بڵاوکراوانە دەکرد بەڵام لە ماوەی ساڵێکدا ٩٩ ڕۆژنامە و بڵاوکراوە داخران.

ئێمە لە ڕۆژنامەی «شەرق» زۆربەی کادیرانمان ئەو ڕۆژنامە نووسانەن کە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیان داخران، من زیاتر لە ١٠ لەو ڕۆژنامانەدا کارم کردووە و داخراون.

ئێستاش جارێ دیار نییە دۆخەکە بەکوێ دەگات بەڵام ئەوە دیارە کە بەڕێز ئەحمەدی نەژاد موحافیزکارە و ئەوانیش پەرلەمان و حکوومەت و دادگایان بە دەستەوەیە و لەوانەیە دۆخەکە بگەڕێتەوە پێش قۆناغی خاتەمی.

*** چینێکی تر لە کۆمەڵگەی ئێراندا چینی ژنان بوون کە سودیان لەو کرانەوەیە بینی، ئێستا پاش ئەو گۆڕانانە پێتان وانییە دۆخی ژنانیش بەرەو ئاڵۆزی بڕوات؟**

– ژنانی ئێرانی توێژێکی زۆر کاران، لە سەردەمی ڕۆژانی ئینقلابدا ڕۆڵی گەورەیان بینی و ئەم ڕۆڵەی خۆیان دووبارە لە ٢/خوردادی/ ١٣٧٦ هەمان ڕۆڵی گەورەیان گێڕا، لە تەواوی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا ڕۆڵی ژنان گەورەیە و چانسی سەرکەوتن بۆ ئەوەیە زۆربەی ژنان پشتیوانی لێبکەن، لە هەشت ساڵی دەورانی ڕیفۆرمیستەکاندا بارودۆخی ژنان زۆر گەشەی کرد لە تەواوی بوارەکانی ژیان و نێو کۆمەڵگەدا.

دەمێنێتەوە قۆناغی تازە دەبێت چاوەڕێی بکەین بزانین بەڕێز ئەحمەدی نەژاد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقعەدا دەکات، ڕاستە ئەو موحافیزکارە بەڵام ئایا دەتوانێت ئەو بزاڤە ڕاگرێت؟

ئەمڕۆ ژنان لە ئێراندا خواستی زیاتریان هەیە، ئەگەر ئەحمەدی نەژاد بیەوێت سەرکێشی لە خواست و مافەکانیان بکات بێگومان پایەی جەماوەری لە دەست دەدات و لەبەر ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەن من پێم وایە موحافیزکارەکان ئەوگرفتە بۆ خۆیان دروست نەکەن و بۆ خۆشیان باشە ئەو گرفتانە دروست نەکەنەوە؟

*** بارودۆخی چاپەمەنی و ئازادی لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟**

– لەسەرەتادا دەمەوێت ئەوە بڵێم بەر لەو سەفەرەم بۆ کوردستان هیچ ئاگاییەکم لەسەر کوردستان نەبوو هەم لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی هیچ زانیارییەکم نەبوو جگە لەوەی دەمزانی ڕۆژنامەیەکی کوردی هەیە لە ئێراندا بەناوی «ئاشتی»یەوە ئەویش کارێکی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام لێرەدا زانیم کە کورد ڕۆژنامەی ڕۆژانە و گۆڤاری هەفتانە و مانگانە و وەرزی هەیە ئەمە سەرباری بوونی چەند کەناڵێکی ئاسمانی، بەڵام دەکرێت کەڵکی زیاتر لەو ئازادییە وەربگیرێت بۆ ئەوەی هەم حزبەکان ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت هەم ڕۆژنامەی ئازاد بێتە وجوود.

لێرە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەن بەڵام سەیر لەوەدایە هەست ناکرێت بە ئەندازەیەکی پێویست گرنگی بە کاری ڕۆژنامەگەری پیشەیی بدرێت، پێم وایە حزبەکان دەتوانن هەموو کەس لە ڕۆژنامەکانیاندا دابنێن بەبێ ئەوەی ئەو کەسە کاری ڕۆژنامەگەری کردبێت، لەو دوو ڕۆژنامەیەدا گرنگی بە نەخشەڕێژی نادرێت، مانشێتەکانی لاپەڕەی یەکەم کە نابێت لە«٥»وشە زیاتربن زۆر جار لێرە دەبنە دوو تاسێ دێڕ، لێرە پارە بۆ ڕاگەیاندن بەگشتی خەرج دەکرێت بەڵام گرنگی بەلایەنی پیشەیی نادرێت.

*** بەڕێزتان بۆ یەکەمجار هاتنە کوردستان، بەر لەوەی بێنە ئێرە وێناکردنی ئێوە بۆ کوردستان، چۆن بوو؟**

– لە ڕاستیدا بەر لەوەی بێمە کوردستان وێنام دەکرد کوردەکان کەسانی توندوتیژ و هۆگری چەک و جەنگ بن، بەڵام وێنا کردنەکەم وا دەر نەچوو، کوردەکان لێرە عەوداڵی بنیادنانەوە و پێشکەوتن و سیستەمی مەدەنی و دامەزراوەی دەوڵەتین، کورد کاتێک پێویست بێت بەرگری لە خاکەکەی دەکات و کاتەکاتی تر خەریکی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانن کورد گەلێکن ئاساشی خۆیان دەپارێزن و دیموکراسی پیادە دەکەن و دەیانەوێت ئەو دیموکراسییەتە بگاتە شوێنەکانی تری عێراق.

بەر لەوەی بێمە کوردستان دەمزانی ڕژێمی سەدام هەمیشە هەوڵی وێرانکردنی کوردستانی داوە و وام هەست دەکرد ئێرە وێرانە بێت بەڵام خۆشبەختانە بینیم لەو ساڵانەدا کە بەعس لێرە دوور بووە وێرای خراپی بارودۆخەکە کەچی ئاوەدانی کراوە و ئێستاش بەردەوامە و کوردستان وڵاتێکە جوان و ئاوەدان و خاوەن حوکمڕانییەکی سەرکەوتووە.

گەشبینم ئەوەی لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەم ناوچەیە دەبێتە نموونەیەکی گەشەی پێشکەوتنی شارستانی لەم دەوروبەرەدا لێرە ژنان نەخشی باشیان هەیە لە سەرکردایەتی پارتەکان و حکومەت و ئیدارەکاندا و ئەمەش کارێکی باشە، دەبێت ئەوە گەشەی پێ بدرێت و پیاوان باوەڕ بەوە بێنن کە ژنانیش وەک ئەوان مرۆڤن نەک مرۆڤی پلە دوو، لێرە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو گیراوە بەڵام وەک پێویست نییە وەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتدا ئەوپرسە گرنگی کەمی پێدراوە.

بە گشتی کوردستان وڵاتێکی خۆشە و کوردیش گەلێکی زیندوون.■

**کورد عەوداڵی بنادنانەوە و پێشکەوتن و سیستمی مەدەنین**

**لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەم ناوچەیە دەبێتە نموونەیەکی گەشەی شارستانی لە دەوروبەردا**